# هورمزگان؛ سەرەتای سەرهەڵدانی لیریکای نقیساری کوردی

عادڵ محەممەد پوور
(مەریوان)

لە نەهامەتییە مەزنەکانی کورد، بەداخەوە ئەوەتا بەو هەموو دەوڵەمەندییەوە، هێشتا مێژووی سەرهەڵدانی دیرۆک، ئەفسانە، ئوستوورە و شیعر و ئەدەبمان، بەروونی و سانایی وەک باقی گەلانی تر، ساغ نەکراوەتەوە. ئەمە لە ناخدا دەتوانێ هۆکارێکی گەورەبێ بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی و ژین و ژیاری فەرهەنگیمان. ئەم بۆشاییەش بۆ هەندێ هۆکاری چەسپێنراو دەگەڕێتەوە کە خستنەڕوویان کایەیەکی تری دەوێ و دەرفەتێکی تر، بەڵام خۆشمان کەمتەرخەمیمان کردووە و هەر کاتێکیش ویستبێتمان لەخۆمانەوە، یان بە قۆستنەوەی لەدیتران بەڵگەیەکی مێژوویی بخەینە ڕوو لەجیاتی چەسپاندنی زانستی و ئاکادیمی و شیکاری بەڵگەکە، خۆمان تەیار کردووە، لەجیاتی هێنانەوەی بەڵگەی ئەرێنی و ئیسپانی و پۆزەتیڤ، بەگژ مەسەلەکەدا چووین و خۆمانی لێ دوور دەخەینەوە. ئەم باسە کە خراوەتە ڕوو و خەریکە بابەتێکی ڕۆژی بۆ تۆژینەوە، لێدەورووژێ، بەهەواڵێکی تازە و چاوەڕوان نەکراوی دەزانین و زۆربەشمان سەرسام دەمێنین و دەکەوینە وتوویژە: ئەمە چی بوو ئەمە لەکوێوەهات؟!

هەورامانی مێژینە و ئەوورایی و تاقانەی کوردەواری لە ڕەوڕەوەی مێژوودا تاکو ئێستا توانیوبەتی پارێزەری دابونەریت و ئەدەب و ئوستوورە و ئەفسانە و دیرۆک و کەلەپووری نەتەوەییمان بێ. ڕەوتی زەمەن، گەردی بێ وەفایی زەمان گێژەلوکەی شاڵاوگەری نەیتوانیوە سیمای خاوێنی بشارێتەوە. ئەگەر ئەو هەورامانە نەبوایێ تا

ئێستا هەندێ لەئاسۆی مێژووەکەمان نادیار و پێوار دەمایەوە. ئەم مەسەلەیە تەنیا ئەدەب و شیعر و کەلەپوور ناگرێتەوە، بەڵکو هەندێ چەمکی شارستانییەت و مەدەنییەت و مەزاتی تری ئەمڕۆیی دەگرێتە خۆ. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەورامان ئەوەتە: کە لە ڕەوتی مێژوودا سەربەرز و سەربەست ماوەتەوە و تەسلیم و دەسبەسەر و ملکەچی هەندێ قەید و بەند و بەستنەوەی دابێ کۆن و سواو نەبووە، بەڵکو لەفۆرم و ناوەرۆکدا خولقێنەری لیریکاو جوانی و نوێکاری و نوێباوی و بزاوتوویی بووە.

لێرەدا نامەوێ لاوەکی و تەنیشتی لە مەسەلەکە دوور بکەمەوە. دەمەوێ لەسەر دەقە شیعرییەکەی «هورمزگان» دیالۆگ بکەم.

لە یەکەم کۆڕی گشتی دامەزراندنی «ئەنجومەنی ئەدەبی، فەرهەنگی بێسارانی» لە باسەکەمدا ئاماژەم بەم خاڵە کرد کە شیعری «هورمزگان» بە پێگەو بنەمای سەرهەڵدانی شیعری کوردی دەژمێردرێ. ئەویش بەپێی بەڵگەی زانستی و شەمی شیکاری و توێژینەوەی بابەتەکە و ئەو بەڵگانەی کە لەمێژوودا چەسپاوە و هەندێ لەخاوەن ڕایانی کورد و غەیرە کورد باسیان لێ کردووە. ئێستا پێداگری لەسەر هەمان مەسەلەدا دەکەم. بە پێشنیاری «مەلا ئیبراهیمی مەردوخی» وتارێک لەکاک «ئەحمەدی شەریفی مەهابادی»- کە لە گۆڤارێکی تردا پێشتر لەچاپ درابوو- لە سیروانی ژمارە ١٨٥دا بلاوکرایەوە، تا باسەکە بخرێتە بەر تیشکی نیگای خاوەن قەڵەمانەوە. ئاخافتنی لەسەر بکرێ و هەرکەسە بەنۆبەی خۆی کارێکی شیاو و گونجاو لەم بەستێنەدا بکات. بۆیە من سەرەتا بووم بە ڕچەشکێنی مەسەلەکە و بە بۆچوونی خۆم ئاوڕی لێ دەدەمەوە و تا بەڵکو دیترانیش بێنەوە دەنگ و کەلێنێکی نادیار لە مێژووی ئەدەبی گەلەکەمان ڕوون بکرێتەوە، بەڵام پێویستە بەر لە چوونە ناو ناخی دەقەکەی کاک ئەحمەد، بەدوو دۆزی سەرەکی ئاماژە بکەم.

أ- لە ئاستی ناوەرۆکدا، دەقەکەی «هورمزگان» هەڵوێستی ڕۆحی و ڕەوانی ئەوکاتەی گەلی کوردی هەورامانە بەرانبەر بە شالاوگەری عەرەب.

ئەم ڕۆژە، ئەم کارەساتە بۆ ئێمە لایەنی زۆر پیرۆز و خاوێنێتی (تقدس)ی هەیە. ئەمە چەشنی خۆڕاگری ئەو وەختەی گەلی کوردە لە هەمبەر پەلاماری عەرەب بۆ سەرماڵ و سامان و وڵات. ئەگینا ئێستا مرۆڤی هەورامی بە باوەڕترین و تۆکمەترین توخمی کورد دەژمێردرێ و هەموویان باوەڕی پتەویان بەدیانەتی ئیسلام هەیە.

ب- لە باری فۆرم و ڕوخسارەوە، دەقەکە بە شیعرێکی ڕەسەن و پڕ ناوەرۆک و سانا و سادە و ناخەکی دەژمێردرێ کە ئەگەر گەرەکمان بێ تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی شیعری کوردی بدۆزینەوە و بیانپارێزین، ئەم شیعرە دەتوانێ پێگەیەکی ئەستوور بێ بۆ سەرهەڵدانی مێژووی شیعرمان. ئەو خەسڵەتانەی کە لە سەدەکانی دواییدا لەلایەن بێسارانی و مەولەوی و سەیدی و خاڵۆی کۆماسی و خانای قوبادی و مەلا پەرێشان.. وەک دابونەریتی ئەدەبی ڕەسەن و خاوێن بەدوور لە خەسڵەتەکانی ئەدەبی بیانی (فارسی و عەرەبی) پارێزراوە. ئەمە وابزانم خاڵێکی زۆر بەهێز و پتەو بێ بۆ شیعری کوردی کە بەدوور لە قۆستنەوەی عەرووز و قافیە و قاوغی عەرەبییە. ئامادەیی ئەم دەقە، نە تەنیا ڕادەی هونەری و جوانیناسی هێرمنوتیکی بۆ ئەدەبییەکەمان دەبەینە سەرەوە، بەڵکو دەبێ بە دەسپێکی مێژووی تۆمارکراوی کورد. بۆیە نابێ قەت نکوڵی لێ بکەین. دەشکرێ ئەم خاڵە بە شانازی بزانین، چونکە فارسەکان کە مێژووی سەرهەڵدانی شیعریان تەنیا بۆ سێ سەدە پاش ئیسلام دەگەڕێتەوە. ئەویش هێشتا بەهەندێ شک و شیمانە و گومانەوە، لەکاتێکدا ئەم دەقە حاشاهەڵنەگرە، ئێمە سێ سەدە دەخاتە پێش ئەوانەوە.

مامۆستا (گۆران) کە مافێکی زۆری بەسەر نوێکردنەوەی شیعری ڕەسەنی کوردییەوە هەیە و لەسەر ئەم ئامادەبییە، لە ڕوخسار و ناوەرۆکی شیعری کوردیدا تازەگەری و نۆژەنی نواند. خۆی بەمیرات بەری مەولەوی و بێسارانی و بەتێکڕا ئەدەبی گۆران دەزانێ و ئاوا تیشک دەخاتە سەر ئەم مەسەلەیە:

«مۆسیقای دەریاکانی عەرووز، بتەوێ و نەتەوێ، جۆرە وشکی جووینەوە و گرمەو ناڵەیەکی ئەوتۆی بە دەمەوەیە لەکاتی بیستندا شتێکی نوێ و نەبیستراوت پێ نابەخشێت. مەگەر هەر ئەوانەی پەسەندی بکەن کە خۆیان بەرهەمێکی زۆریان لەسەر ئەو تانوپۆیە چنیوە،

یان گوێچکەی چێژیان تەواو ئاشنای ئەو ئاواز و کێشانە بووە و وەک شتێک پێی ڕاهاتوون. ئەمڕۆ جگە لەوەش کە بەتاقیکردنەوە دەرکەوتووە لەگەڵ پێزی زمانەکەماندا ناگونجێت و ئەوەی زۆر لە بەرشانی زمانەکەمان خۆشە کێشی خۆماڵی فۆلکلۆرییە.. بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە تێکڕای هەموو شیعرەکانی مەولەوی و بەرهەمی ئەو شاعیرانەیە کە بە لەهجەی هەورامی و لە سەرکێشی (٥+٥) شیعریان هۆنیوەتەوەوە.

(کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەللاح، ل٣٥٠)

لێرەدا بۆ ئەوەی بچمە سەر باسە ئەسڵییەکە، دەقەکەی «هورمزگان» لەکتێبی (سبک شناسی یا تاریخ تطور شعر فارسی) لە دکتۆر محەمەد تەقی بەهار چاپی ١٣٤٧ لاپەڕە ٤٠ دەنووسینەوە و بەوردی باس لەخاڵە سەلبییەکانی باسەکەی ئەحمەدی شەریفی دەکەم کە لەسەر شیعری هورمزگان کردوویەتی:

**هورمزگان رمان، ئاتران کوژان**
**هۆشان شاردەوە گەورە گاوران**
**زۆر کەر ئەرەب، کەردنا خاپوور**
**گنانی پاڵە، بشی شارەزوور**
**ژەن و کەنیکان، وە دیل بشێنا**
**مێرد ئازا تلێی وەڕووی هوونینا**
**ڕەوش زەردەشتر ماننەوە بێ دەس**
**بزیکا نیکا هورمز وە هیچ کەس**

لێرەدا من نامەوێ وتەکانی نێو وتارەکەی کاک ئەحمەد دووپات بکەمەوە. جارێ باس لە مێژووی شیعرەکە و بەدەست چ کەسانێک کەوتووە و چ کەسانێ نووسیویانەتەوە.. باس ناکەم، بەڵام باس لە خاڵە سەلبییەکانی وتارەکە دەکەم:

١- کاک ئەحمەد لە بەشێک لەوتارەکەیدا، دەنووسێ: «شیعری هورمزگان هەر وەک دەبینرێ (قافیەی) هەیە و قافیەکەشی زۆر لە شیعرەکانی کتێبی (مزگانی) دکتۆر سەعیدخان دەچێ. بەداخەوە ئێستا کتێبی مزگانیم لەدەستدا نییە، هەتا نموونەیەکی پێشکەش بکەم...

لە وەڵامدا دەڵێین ئەگەر کاک ئەحمەد نموونەی لەبەردەستدا نییە ئەی چلۆن بڕیاردەدا قافیەکانی ئەم دەقە لە قافیەی شیعری دکتۆر سەعید دەچێ؟! عەقڵییەت و لۆژیکی تۆژینەوەی ڕێ بەم چەشنە لێکۆڵینەوەیە نادات.

٢- کاک ئەحمەد لەخاڵی پێنجەمی وتارەکەیدا دەنووسێ: بۆ شیعرەکە قافیەی هەیە و پەنجەیی نییە؟ چۆن دەبێ قافیەی شیعری عەرەبی هەبێ؟

جارێ بۆ کاک ئەحمەد زۆر دوورە کە بڵێ شیعرەکە پەنجەیی نییە؟! ئەو شیعرە پەنجەییە و مامۆستا بەهاریش دانی بەم خاڵە داناوە هیچ گومان لەمەدا نییە. هێنانەوەی قافیە بۆ ئەو شیعرە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم شیعرە دوایی وتراوە و بەڵگەی قافیەش بهێنینەوە، بڵێین چونکە قافیەی هەیە کەوابوو هیجایی نییە.

دەبێ قافیە بۆ شیعری ڕەسەنی کوردی و بەگشتی زمانە ئێرانییەکان دیاردەیەکی قەرزی نییە کە ئێمە لە عەرەبەکان وەرمان گرتبێ. بەشێکی مۆسیقای پاڵەکی شیعرەکە و بەشێکە لەخەسڵەتەکانی شیعری پالەوی و سەردەمی ساسانییەکان بەم لاوە. نموونەشی لە شیعری پالەوی زمانی دەری هەر ئەم شیعرە هەورامییە دەبینرێ. دکتۆر خانلەری لەکتێبی کێشی شیعری فارسیدا لەلاپەڕە ٢٩ لەسەر قسەی «کریستین سێن»ەوە دەنووسێ «لەیەکێکی تر لەبەشەکانی (بندهشن)دا کە سەرگوزەشتی تافی منداڵی (کەی قوباد)ە پێنج دێری ٨ هیجاییم دۆزیوەتەوە کە دێرەکانی سێیەم و چوارەم لەم دەقەدا قافیەدارن».

(عەزیزوڵلا حاتەمی) لەکتێبی (میراث در ایران) لە وتاری ئێربریدا لاپەڕە ٣٢٩ دەڵێ: «ا.ج. ابری گوتوویەتی دەڵێن بارامی گۆڕ، شای ساسانی شاعیر بووە و قافیە ئەو دایهێناوە».

خاجە نەسیری تووسی لەلاپەڕە ٦ی کتێبی (معیار الاشعار)دا دەنووسێ: «ڕەنگە قافیە لەهەندێک لە دێرەکاندا و هەم بەیتەکاندا ڕەچاو کرابێ وەک چوارینەکان و ئورامنەکان». کە ئورامنیش چەشنێکە لە شیعری کۆنی پالەوی و بەتایبەت خەسڵەتی نەغمەی ڕەسەنی هەورامی. مامۆستا موعین لەبورهانی قاتیعدا لەژێر وشەی «ئورامن»دا، دەنووسێ: «ئورامن چەشنێ شیعر بووە کە بە زمانی پالەوی کۆن وتراوە». دوور نییە ئورامن هەر بەگشتی شێوازی کێشی پەنجەی هەورامییە و بەتایبەتی کە مەبەست شێوەی شیعری گۆرانە و مامۆستا بەهاریش دان بەم خاڵەدا دەنێ.

دکتۆر شەفیعی کەدکەنی لەکتێبی مۆسیقی شیعردا لە لاپەڕە ١١١-١١٢ لەم بارەوە دەنووسێ: لەو هەمــوو وتانەی کە وتیان و وتمان بۆمان دەردەکەوێ کە قافیە کەم تا زۆر هی ئێرانە و لەشیعری سەردەمی ساسانیەکاندا پەیدا بووە و بەوتەکــەی مــامــۆســتــا بەهار بڕێک وەک (سروودی خەسرەوانی) قافیەی نەبووە و بڕێکیش وەک (ئورامن) قافیەدارن.

٣- لەبارەی چەشنی ڕێنووسی دەقەکە مامۆستا بەهار لە لاپەڕە ٣٩ی کــتــێــبی (سبک شناسی) شــیــعــردا دەنووسێ: دەڵێن ئەم شیعرە بەخەتی پالەوی بووە لەسەر پێــســتی ئاسکیش نووســراوە و نێــردراوە بۆ ڕۆژنامــەی (شـــرق نزدیک) و لەوێدا بڵاوکـــراوەتەوە و ئەمنیش دەقەکەم لە دکتۆر سەعید کوردستانی وەرگرتووە ئەویش هاوکاری کرد و وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی.

٤- مــامــۆســتــا بەهار بەلێــهــاتوویی زمــانەوانییــەوە دەقــەکــەی خــوێندۆتەوە، چونکە پرۆفــیــســۆر و پسپــۆڕ و زمانەوان بووە توانیویەتی دژوارییەکان سانا بکات، جگە لەمــانەش دەقــەکە ئەوەندە دژوار و سەخت نەبووە کە دوو پسپۆڕ نەیانتوانیبێ بیخوێننەوە و کاری لەسەر بکەن.

٥- جیــاوازی نێــوان دەقــەکە لەگۆڤــار و کــتــێــبــەکــانــدا بەفــارسی و کــوردی ئەوە بووە کــە هەر کــام دوایی وەک ئێــمــە نــاشــارەزا بــوون و فــتــوا و بڕیاری قــەبەیان داوە بەزەوقی خۆیان دەقەکەیان گۆڕیوە.

٦- لەدەقە ئەسڵیەکەدا وشەی (ژەن Gan) بە نەشەن بەکار براوە ئەگەر (شەن)یش بێ هەر گۆڕدراوی (ژەن)ە و ئێــســتــاش لەهەورامــیــدا (ژەنی) بەکــاردەبرێ و لە ئاوێستایش (ژەنی)یە و نە (غن).

٧- لە تەواوی زاراوەکـــانی کـــوردیدا لەڕوانگەی تەبارناسیەوە وەک یەکن و لەیەک بنەماڵەن.

وشــەی گنان، یان گنای، یان گــونای هەمــان گــوندی کــرمــانجی و بەهەورامی ئێــســتــا دەڵێــن (دەگــا) و لە بنەماڵەی زمانە ئێرانییەکانیشدا هەر (گوند)ە بەمانای شــار، یان لادێ، یان ئاوایی. گــوندی شــاپوور کــە لە عەرەبیدا بووەتە (جندی شاپور).

٨- جگە لەمــانەش ئەم دەســتــەواژەگەلەی خوارەوە کــە ئامــاژەیان پێدەکــەین تەمــەنیــان لەڕواڵەت و مــانادا بۆ ئاوێســتــا و پالــەوی کــۆن هەڵدەگــەڕێنەوە کــە ئەمــە پیشاندەری ڕەسەنایەتی و مێژینەمەندی دەقەکەیە و نابێ حاشای لێ بکرێ:

- هورمــزگــان کــە بەمــانــای پەرەســتــشــگەو ئاورگــەیە، وشەی هەورامانیش بڕێک پێیان وایە هەمان مانایە.

- بەڵام من پێــمــوایە بەمــانــای نیــشــتــنگە و تەخت و فــەنرەوای ئوورە. بە تــەســەل لەم کــتــێــبــەدا باسی لەســەر کراوە-

- ئەتران، لە ڕیشـــەی ئاتر هەمـــان ئازەری پارسی و ئاوری سۆرانی و ئاویری هەورامییە.

- کــوژان، لەچاوگــەی کــوشــتــەی و کــوشــیــایۆ و یانی کوشتن و کوژاندنەوە و خامۆش کردنە.

- هۆشان، وێشان و خۆیان کە هەمان هۆیان (خۆیان) لەئاوێستایە.

- خاپوور، وێران کردن.

- گنان ئاماژەمان پێکرد.

- پاڵە، شــــار، بەرانبــــەرە لەگـــەڵ وشـــەی پەهلەوو پاڵەوانیش هەر لەم وشە وەرگیراوە.

- بشی، برۆی، تابرۆی لەڕیشەی شیای و ڕۆیشتن.

- ژەن، کە ئاوڕمان دایەوە.

- کەنیکان: کەنی، کناچێ کەنیشک، کچ لەپالەویدا: کەنیک و لە ئاوێستاو: کئی نین و کنیا.

- بشینا، لە ڕیشەی شیای و شۆ و چوون و ڕۆیشتن.

- مێرد، (مرت)ی ئاوێستا، مەرد، دلێر، پیاو.

- تلیی، تل خواردن و تلاندنەوە.

- ژ: لە، وە، ئەزی فارسی

- هوونیــا: خــوێنین لە ڕیشــەی (هوون)ی ئاوێســتــاکــە دەبێــتە (ون)ی ئێستای هەورامی، یان خوێن و خوون و خین و...